# نووسین و سیاسەت

## گفتوگۆی دەنگەکان لە گەڵ شاعیر و رۆژنامەنووسی سەربەخۆ ڤینۆس فایەق



ڕزگار عومەر :-

- ئەزموونی نووسین لای تۆ بە قۆناغی جیاواز تێپەڕیوە ، پێش ساڵی 91، ساڵانی 91 تا 2003، تا دەگاتە ئەمڕۆ . تایبەتمەندیەکانی هەر یەك لەم قۆناغانە بۆ تۆ چی بوو ؟ پێت وانیە کاروانی ئەم گۆڕانکاریانە چ وەکو شاعیر چ وەکو رۆژنامەنووس هەڵس و کەوتی تازە و هەڵوێستی تازەی بە سەر ئەم ئەزموونە سەپاندووە ؟ ئەگەر وایە نموونەی ئەو هەڵوێستانە چین گۆڕانیان بە سەر هاتووەو لە بەرهەمەکانت ؟

ڤینۆس :-

هەموو ئەزموونەکانی ژیانی ئادمیزاد هەمیشە بە قۆناغ رۆشتووە ، واتە بەیەك ریتم رێچکە ناگرێت دەنا پێشکەوتن نابێت ، هەڵبەتە ئەزموونی نووسین لای من بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕیوە ، بە مانایەکی تر مێژوویەکی لە چەند قۆناغێك دارِشتوە ، من بۆ خۆم وەك نووسەر ، شاعیر ، رۆژنامەوان ، ماوەی پێش ساڵی 1991 ئەزموونێکی جیاوازە ، ئەتوانم وەکوو خەباتێکی ژێرزەمینی پێناسەی بکەم ، زۆر جار وتوومە: ئەو کاتە خۆم وەکوو سەربازێکی هەڵاتوو دەهاتە پێش چاو ، هەرچیم نووسیوە بە دزی دەسەڵاتەوە نووسیومە ، هەرچیم خوێندۆتەوە بە دزی دەسەڵاتەوە خوێندوومەتەوە ، ئەمە قەدەری رۆشنبیری کوردبوو لەو دەڤەرەدا لەو سەردەمەدا لە سایەی ئەو رژێمە خوێناویەدا ، دەبوو رۆشنبیر بە دزی چاوی دەسەڵاتەوە خۆی رۆشنبیر بکات لە رێ ی کتێبە قەدەغەکانەوە ، دەنا رژێم هەموو دەرگاکانی رۆشنبیری لەسەر بەتایبەت رۆشنبیری کورد داخستبوو ، ئینجا رۆشنبیری وەك پرۆسە لە ئادەمیزاد گەورەترە ، ئادەمیزادەکان بەیەکەوە دونیای رۆشنبیری پێك دێنن ، بۆیە هەمیشە رژێمە سەرکوتکەرەکان لەرێی لەناوبردنی ئادەمیزادە رۆشنبیرەکانەوە دەیانویست بزووتنەوەی رۆشنبیری لە نێو کوردا لە ناو ببەن.

ئەزموونی ئەو کاتەم وا لە سندووقێکی وەهمیدا کە پڕێتی لە وشەی جوان و پەڕەی دڕێنراو و سووتێنراو و کتێبی قەدەغە ، خۆ مەرج نەبوو ئەو دەمە هەموو ئەوەی دەمانووسی یان دەمانخوێندەوە نەتەوایەتی یان سیاسی بوایە ، تەنها "کوردبوون" خۆی لە خۆیدا لەو کاتەدا تۆمەتێك بوو ، یان دەبوایە قەڵەمەکەت بفرۆشتابا ، یان دەبوایە بێدەنگ بنووسیت و بێدەنگ نووسینەکان هەلاهەلا بکەیت ، بۆیە زۆر جاران هەن خۆم لەدواوەی کاروانەکەوە دەبینمەوە ، چونکە دەسەلاتی سەرکوتکەری بەعس بەشێکی زۆری تەمەنی ئەدەبی و نوسیین و رۆژنامەگەری نەك من بەڵکە زۆر لە کەسانی

تری هەڵکەوتوو و بە توانا سووتان لەو قۆناغەدا زۆر بیرم لە بڵاوکردنەوە نەدەکردەوە ، تەسلیم بەو واقیعە تاڵە ببوم ، لە ترسی ئەوەی نەکا رۆژێك بێت و هەوڵی کڕینی قەڵەمەکەم بدرێت..

من بۆ خۆم ئەو ئەو قۆناغە چەند بە ئەشك و ئازاربوو و لە دواوە هێشتمیەوە ، بەڵام بەلایەکی تر مێژوویەکی پڕ سەروەری بۆ کێشام ، هەرگیز یەك وشەم نەخستە سەر کاغەز و لە هیچ لە بڵاوکراوەکانی ئەو کاتە لە سایەی رژێم بڵاو نەکردەوە ، هەرگیز پەشیمانیش نیم و خەمی بۆ ناخۆم.

ئینجا بێگومان ئەو گۆڕانکاریانەی پاش ئەوە بەسەر هەموو مەیدانی ئەدەبیاتی کوردی و بوارەکانی رۆژنامەگەری و ئەزموونی تایبەتی خۆمدا هات هەڵوێستی تازە بەسەر ئەو ئەزموونەدا سەپاند ، ئەو قۆناغەی نەخشەی بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری و ئەدەبی کوردی کێشا لە پاش راپەڕین ، بۆ نمونە لەهەموو قۆناغێکی جیاواز جگە لەوەی شتێکی جیاواز فێر دەبین ، پێوانەکانیشمان دەگۆڕدرێن ، ئەو کاتە تەنانەت بیرکردنەوەمان بۆ سیاسەت زۆر جیاواز بوو لە ئیستا ، ئەو کاتە بە چاویلکەیەکی جیاواز ئەمانڕوانیە گۆڕانکاریەکان ، چونکە بەها و پێوانەکان جیاواز بوون ، ئەوەشت لە بیر نەچێت رۆشنبیر و بەتایبەت رۆژنامەنووس یەکەمین چینە لە کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی راستەوخۆ بە رووداو و گۆڕانکاریەکانەوە ئەنووسێت و لێیان نزیك ئەبێتەوە و بەدوایاندا ئەچێت و دواتریش جێ پەنجە بەجێدەهێڵێت لەسەر کارەکانی ، جگەلەوەی من بۆ خۆم شاعیریشم ، ئەوە هەموو بەیەکەوە بیبلۆگرافیایەکی ئێجگار جیاوازی بۆ هۆنیومەتەوە ، پاشان هاتنە دەرەوەم لە کوردستان کە قۆناغی سێهەمە ، بە شێوەیەکی دی خزمەتی بەتایبەت ئەزموونی رۆژنامەوانی کردم ، لە ئەوروپا دەرگاکان فراوانتر دەکرێنەوە بە رووی رۆژنامەوان و دونیای رۆژنامەگەریدا ، لێرە فێری مانای راستەقینەی سەربەخۆبوون بووم لە کارەکانمدا وەك رۆژنامەوان ، وەك ژنێکی رۆژنامەوان ، هەروەها فێری ئەوەبووم هەردوو زاراوەی ((سەربەستی رۆژنامەگەری)) لە ((رۆژنامەنووسی سەربەخۆ)) لەیەك جیا بکەمەوە ، چونکە رۆژنامەگەری وەك دامودەزگا جیایە لە خودی پرۆسەکە کە کەسەکان بەرجەستەی دەکەن ، چونکە ئەگەر بتەوێت سەربەخۆ بیت ناتوانیت سەربە هیچ لایەنێك بیت ، ئەگەر سەربەستی رۆژنامەگەریش بەقەرار بێت ئەوا هەموو رۆژنامەکان والآن بۆ هەموو قەڵەمەکان ، هەروەك چۆن لە ئەوروپا هەیە ، بۆ نمونە من ئەتوانم لە حیزبێکدا ئەندام بم ، بەڵام بۆم هەیە وەك رۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ لە هەموو رۆژنامەیەکدا بنووسم ، حاڵەتی دووەمیش لە کوردستان نیە ، لەبەر ئەوەی هێشتا نەتوانراوە ئەڵقەی حیزبایەتی بشکێنرێت ، بەمانایەکی تر نەتوانراوە پەرە بە عەقڵیەتەکان بدرێت بەسوودی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی رۆژنامەوانی . پاشان تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ژنێکی بەهرەمەند و کردنەوەی رێگاکان بۆی و والآکردنی دەرگاکان بەڕوویدا ، لە کوردستان لەبەر ئەوەی هێشتا بە زۆر لە پێوانەکان کۆمەڵگایەکی بە تویکڵ ئەم چەند ساڵە پێشکەوتووە ، بەڵام فووڵایی عەقڵەکان هێشتا وەکوو خۆیەتی ، لێرە سیستمی دەسەڵاتدار باوەشی بۆ هەردوو رەگەزی نێر و مێ بەیەك چەشن کردۆتەوە ، هیچ شتێك نیە لە دونیادا جیایان بکاتەوە ، بگرە لەزۆر لە بوارەکاندا ئافرەت لە پێشەوەیە ، بۆیە ئەو کێشانەی لە کوردستان وەکوو ژنێکی شاعیر و رۆژنامەوان هەمبوون ، لێرە نەمماون ، لێرە بگرە زۆر پێشکەوتم ، و لەوەش گرنگتر زۆر لە بەهرەی ترم لەخۆمدا دۆزیەوە ، زۆر هەنگاوی ترم نا ، کە ئەگەر هەتا ئیستا لە کوردستان بووبام هیچ بەو شێوەیەی ئیستا پێش نەدەکەوتم..

یەکێ لەو هەڵوێستانەی بەسەر ئەزموونی ئەدەبی و رۆژنامەوانیمدا هاتووە خوێندنەوەمە بۆ هەموو ماناکانی ژیان ، لە سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە بیگرە تا دەگەیتە ئایین و فەلسەفە و ئەدەب و هەموو پێوانەکان و بەهاکان و ئەخلاق و تەنانەت تێڕوانینمان بۆ حیزبەکان وەك کیانێك کە تەنها گوزارشت لە بیر و بۆچوونی چەند کەسانێك دەکەن لە وڵاتی ئێمەدا و هەموو بەها و پێوانە نیشتیمانپەروەریەکانیان خستۆتە خزمەت ئەو حیزبەوە ، لە کاتێکدا حیزب دەبێت پرد بێت بۆ

ئەوەی بەسەریدا بیپەڕینەوە بۆ بەری ئەوبەری ماناکەی تری ژیان کە ئاسوودەیی سیاسی و گەیشتن بە ئامانجەکانی کە تێکۆشاین و خەباتمان بۆ کرد و شەهیدمان بۆدا ، دەبێت حیزب ئەو هێڵەبێت دونیای دەسەڵات بە دونیای هاوڵاتیانەوە دەبەستێتەوە ، نەك دیوارێك بێت ئەو دوو دونیایە لەیەك دابڕێت ..

ئەمە کەمێکن لەو گۆڕانکاریانەی بەسەر بیر و بۆچوونەکانمدا هاتوون ، و دواتر ڕەنگ دەدەنەوە لە نووسینەکانمدا و کاریان بۆ دەکەم..

ڕزگار عومەر :- لە کوردستان وەکو ڕۆژنامە نووس کارت دەکرد ، ئەم کارکردنەت ڕێگر نەبوو لەوەی جۆرێك لە سنووربەندی بە سەر نووسین و بەرهەمەکانت بسەپێنێ ، بە تایبەتی کار کردن لە میدیای حیزبیی یان دەسەڵاتدار بە پرەنسیبی بەرژەوەندیەکی دیار کراو بە ڕێوە دەچێت ، ئایا کاردانەوەکان لە بەرامبەرتا چی بووە هەرکاتێك ویستبێتت لە دەرەوەی ئەم سنوربەندی وچوارچێوەیە بخوێنی ؟

ڤینۆس :- وەك لە سەرەوە باسم کرد وەك ژنێك زۆر گیروگرفتم هەبوو تا لە کوردستان وەك ژن ، وەك رۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ ، ئینجا بەبێلایەنی لەناو دەزگای راگەیاندنی حیزبێکدا کە کارم دەکرد ..

بەلاَم خۆشبەختانە ئەو ماوەیەی کاری رۆژنامەوانیم لە دەزگایەکی راگەیاندنی حیزبێکدا کرد کورت بوو ، هەرچەندە بە شێوەیەك لە شێوەکان سەرەتایەکی باش بوو بۆ من ، چونکە بە ویژدانەوە دەیڵێم ، هەروەك راهاتووم ، وەك چۆن بیرم ناچێتەوە چۆن باجی هەبوونی حیزبی بەعسم دەدا کە لەسەر تەختی دەسەلاَت بوو ، باجەکەش ئەوەبوو من دواکەوتم تاحەدێ و نەمتوانی هیچ کارێکی رۆژنامەوانی بکەم و هیچ شتێك بلاَو بکەمەوە ئەو سەردەمە ، هەر بەو راستگۆییەوە و لە هەمان ویژدانەوە دەڵێم ، دەزگای راگەیاندنی ی.ن.ك پاش راپەڕین بۆ من قۆناغێك بوو ، دەرگایەکی بۆ والاَکردم ، ئیدی سەرەتای من بوو لە مێژووی نووسین و دونیای رۆژنامەوانی و بلاَوکردنەوە ، لەگەڵ هەموو شتێکدا بمەوێت و نەمەوێت ئەو حیزبە بە جۆریك لە جۆرەکان رێگەی پێدام لە رێگایەوە کاری رۆژنامەوانی بکەم هەرچەندە سەربەخۆ و بێ لایەن بووم و هیچ ئیلتیزامێکی حیزبیم نەبوو ، لەبەر ئەوە هەرنەبێت من خۆم بە قەرزاری ئەو ئەزموونە ئەزانم کە ئەو حیزبە لەو قۆناغەدا دەرگاکانی لەبەردەممدا والاَکرد ، خۆ ئەگەر راپەڕین نەبوایە لەوانەیە ناوێك نەدبوو لە دونیای رۆژنامەوانی و شیعردا وەکوو ئەمڕۆ هەیە ناوی (ڤینۆس فایەق) بێت ، خۆ ئەگەر دەزگای راگەیاندنی (ی.ن.ك.)یش نەبوایە من وەکوو کەسێکی بێلایەن و سەربەخۆ دەبووایە هەر لە رێی هەر حیزبێکی تروە بوایە دەستم پێبکردابا ..

بەلاَم ئەگەر بێمە سەر واتای سەربەستی رۆژنامەوانی و تا چ حەدێك من سەربەتم یان ئەو کاتە سەربەست بووم لە سایەی راگەیاندنی حیزبێکدا ، ئەتوانم بێ هیچ گومانێك پێت بڵێم ، نەك لە سایەی راگەیاندنی ی.ن.ك. و نەك لە سایەی هیچ حیزبێکی تری کوردستان گەورە و بچووك ، سەربەستی رۆژنامەوانی نیە وەك پرینسیپ بوونی هەر نیە!! وەك دروشم هەیە بەو مانایەی ئیمە دیخوازین ، بەلاَم جێبەجێ نابێ ، چونکە ئەو حیزبە ئەو راگەیاندنە بە مولکی خۆی دەزانێت , لەلای ئەو کەناڵێکە لەو کەنالاَنەی لە رێگەیەوە خزمەتی خۆی دەکات ، بە داخەوە هەتا ئێستاش کورد تەنها ئەزانێت حیزبایەتی بکات ، کوردایەتی ناکات ، راستە ئێمە باس لە کورد و دۆزی کورد دەکەین بەلاَم لەچ گۆشەنیگایەکەوە ، ئەوە شتێکی زۆر گرنگە ، چونکە کەمن کە لە گۆشەنیگای حیزبێکەوە باس لە دۆزێکی گەورەی وەك دۆزی کوردم کرد ، بەداخەوە دۆزەکە بچووك دەکەمەوە ، بڕوانە هەموو حیزبەکان چەند کەناڵ دامودەزگای تری کۆمەلاَیەتی و ئابووری و ئەدەبی ...وهتد..هەیە ، تەنها رێکخراوەکانی ژنان بە نموونە ئەهێنمەوە ، کامی لەو رێکخراونە ئەتوانن بە سەربەخۆ کار بکەن ئەگەر خزمەتی حیزبەکە نەکەن؟ کامی حیزبایەتی ناکەن؟ هەرهەموویان کە دەچنە ناو دەزگاکەوە کە پێی ئەڵێن

یەکێتی ژنان یان ئافرەتان یان خانمان ، هەرچیەکی ناودەنێیت ناوی بێ ، وا هەست ئەکەیت سەر دەکەیت بە دەزگایەکی حیزبیدا ، بەڵام لە ئەوروپا شتەکە زۆر بە پێچەوانەوەیە ، ئیمە هەبوونمان لە ئەوروپا خستووینیەتە ناو ململانێیەکەوە ، وامان لێهاتووە لە زۆر تێگەیشتووین و تەجاوزی زۆر حاڵتمان کردووە دوای ئەوەی زۆر شت بە پێوانەکانی ئەرووپیەکان و ئەزموونە دەوڵەمەندەکەیان لەو بوارانەدا فێربووین ، کە دێین ئەمانەوێت ئەم شتانە بگەیەنینە ناوەوە ، عەقڵیەتەکانی ئەوێ ئەم شتانە قبووڵ ناکەن و ناهەقیشیان نیە ، چونکە هەروا ئاسان نیە ئەگەر خۆت ئەزموونە پێشکەوتووەکە نەبینیت پیادەی بکەیت..

بۆیە بە جەختەوە دەڵیم نەخێر هیچ کات سەربەستی رۆژنامەوانی لە چوارچێوەی هیچ دەزگایەکی راگەیەندنی حیزبیدا نیە ، و تالاوی ئەو راستیەش ئەو کەسانەی نمونەی من ئەیچێژن کە ئەندام نەبوون و پابەندی راوبۆچوون و گۆشەنیگای ئەو حیزبە بوون لەبەر خاتری ئەوەی لە دەزگاکەیاندا جێگایان کردبوومەوە..

بەڵێ سانسۆر هەبوو ، ئەگەر بەچاویش نەبینرایە ، یان بەدەم پێت نەوترایە ، زۆر جار شتێکە هەستی پێدەکرێ ، هەرچەندە من زۆر کارم بەو سانسۆرانە نەبوو ، ئەوەی بە راستم بزانیبا دەمکرد و دەمنووسی ، بێگومانیش نووسینم هەبوو لەبەر هۆیەك لە هۆکان بلاو نەدەکرایەوە ، بەڵام ئەوە هیچی لەو راستیە نەدەگۆڕی من بەردەوام شت فێر دەبووم ، چونکە با ئەوەم لەبیر نەچێت من فەلسەفەم خوێندووە لە دانشگای بەغدا ، و لە پاڵ ئەویشدا زمانی ئینگلیزیم خوێندووە ، بەڵام خولیام کاری رۆژنامەگەری بوو و بەبەهرە حەزم لە کاری رۆژنامەوانی بوو ، لەو کاتەشدا یان توانا و بەهرە یان حیزبایەتی یان بڕوانامە لە رۆژنامەوانیدا رۆژنامەوان دروست دەکەن ، من لەبەر ئەوەی ئەندامی حیزبەکە نەبووم و بڕوانامەی رۆژنامەوانیم نەبوو ، پشتم تەنها بە بەهرە و تواناکانم و بە باگراوندە رۆشنبیری و خوێندنە بالاکەم قایم بوو ، بۆیە توانیم بچمە ئەو دونیایەوە بەڵام لە درەگای راگەیاندنی ی.ن.ك دوە..

رزگار عومەر :- تۆ بە حوکمی ئەوەی بە دوو زمان دەنووسی ، کوردی و عەرەبی ، بەم پێیەش مامەڵە لە گەڵ خوێنەرانی جیاواز دەکەی ، من خۆم قەناعەتم بە هێڵ دروست کردن نیە لە نێوان خوێنەران لەبەر جیاوازی زمان یان شوناس ، بەڵام لە باری پراکتیکەوە ، ئەم مامەڵە کردنە بێ گومان تایبەتمەندی خۆی هەیە ، ئەزموونی تۆ لەم بارەیەوە چۆنە ؟

ڤینۆس :- هەروەك جەنابت ئاماژەت پێداوە لە دەقی پرسیارەکەتدا ، منیش هەمان قەناعەتم هەیە ، ئەگەر وەکوو ئادەمیزاد بیر بکەینەوە دوور لە هەموو کاریگەریە سیاسی و نەتەوایەتی و ئایینی و شتەکانی تر ، ئەوا منیش باوەڕم بە زمان نیە خوێنەر لەیەك جیا بکاتەوە ، و بەندیخانەی ئەو زمانانەی بکات کە تۆ پێیان دەنووسیت ، بەڵام لێرەدا کارکردێکی گرنگ هەیە کە بریتیە لە عەقڵیەت و ئایا ئەو گوتارەی ئاراستەی عەقڵیەتی عەربی زمانێکی دەکەیت دەبێت هەمان گوتار بێت کە ئاڕاستەی ئینگلیز زمانێك یان هۆڵەندی زمانێك یان کوردێکی دەکەیت؟ ئینجا شێوەی گەیاندنی ئەو گوتارە و دواتر بابەتی گوتارەکە خۆی ، ئەمانە هەموو حوکم ئەکەن ئەگەر گوتارەکە سیاسی بێت ، عەقڵیەت و تێگەیشتنی ئاینی یان سیاسی یان رەگەزی یان نەتەوەیی یان مێژوویی لای میللەتانی دونیا ئەگەر یەك بنەماشیان هەبێت لە زۆر لە وردیکاریەکاندا جیاوازن ، ئەگەر بمەوێت بۆ نمونە گوتارێك دەربارەی بۆ نمونە دیموکراتیەت بنووسم ، یەکەم شت ئەبێت بزانم بۆ کێی ئەنووسم ، ئەگەر بۆ هۆڵەندیەکی بنووسم ئەو دەبێت زۆر جیاواز باس لە دیموکراتیەت بکەم ، چونکە ئەو وەك ئەورووپیەك لەمن وەك کوردێك زۆر پێشکەوتووترە لەو بوارەدا ، ئیدی تێڕوانینی بۆ مەسەلەکانی تریش نەك تەنها دیموکراتیەت زۆر جیاوازە ، ئەگەر بۆنمونە باس لە سەربەستیەکان بکەم یان هەر بابەتێکی هەنووکەیی ئەمرۆ لە دونیای سیاسەتدا ئەو زمانەی پێی دەنووسیت دیاری دەکات چی و چۆن بنووسیت ، ئەو گوتارەی باس لە ئەنفال دەکات بۆنمونە

ئەگەر بۆ عەرەبێکی ئەنووسم دەبێت زۆر جیاواز بیهۆنمەوە ، چونکە ئەو هەمان رەگەزی تاوانباری ئەنفالی هەیە ، بەلاّم بە هەندێ پێوانە تاوانبار نیە ، ئیدی چۆن تێی ئەگەیەنیت ، دوژمنەکەت رۆژێ لە رۆژان عەرەب بووە و تەنانەت هەندێکیان هەتا ئەمرۆش هەر دوژمنی کوردن ..

زمان ئەو ئیشکالاتانە دروست ئەکات و جیاشیان ئەکاتەوە و عەقلیەتی نووسەرەکە و عەقلّیەتی وەرگر (خوێنەر) هەڵی ئەسەنگێنێت ، ئەوەی من و تۆ وەکو کوردێك ئەگەر بەیەك بگەین باسی لێوە دەکەین جیایە لەوەی لەگەڵ عەرەبێکدا باسی لێوە دەکەم ، ئەو لێکدانەوانەی من هەمە بۆ سیاسەتی ئەمڕۆ و ئەینووسم خوێنەرەکەم بمەوێت و نەمەوێت حوکم دەکات ، من نالّێم تۆ دەبێت شتی جیاواز باس بکەیت ، بەلّکوو تۆ هەمان شت باس ئەکەیت ، بەلاّم هەر هەمان شت بەپێی زمانی خوێنەرەکە دەهۆنیتەوە ، کە باس لە حیزبە کوردیەکان دەکەم بۆ نمونە هیچ کات ئەخلاقم رێم پێنادات قسەیەکی بەرز و نزمیان پێ بلّێم لە وتارێکدا کە بە زمانی عەرەبی دەینووسم ، ئەوە سادەترین نمونەیە کە زمانی گوتارەکە و ئەخلاقی نووسەرەکە حوکمی تیا دەکات و پردەکە دروست ئەکات لە نێوان نووسەری بابەتەکە و خوێنەرەکەیدا ، هەرنەبێت بۆ ئەوەی من میللەتی کورد وەك میللەتێکی بەهێز و یەکگرتوو لەبەردەم خوێنەری عەرەبدا نیشان بدەم لە رێی گوتارەکەمەوە کە لە کۆتاییدا گوزارشت لە بەشێکی گەورەی ئەخلاقی رۆژنامەوانی و ئەدەبیم ئەکات ، بەلاّم ئەگەر هەمان وتار بە زمانی کوردی بنووسم ، بەهەمان شێوە ئەخلاقم رێگەم پێنادات قسەی بەرز و نزم بکەم بەلاّم خۆ ئەوەندە سەربەستم بتوانم هەڵە بخەمە خانەی هەڵەوە و خیانەت بخەمە خانەی خیانەتەوە ، واتا موخاتەبەی عەقلّەکان لەسەر بنەمای زمان هەندێ گرێدارە و بیرکردنەوەی زۆری دەوێت ، ئەو خیتابەی ئاڕاستەی عەرەبی دەکەم سەبارەت بە دۆزی کورد هەمان خیتاب نیە ئاڕاستەی کوردێکی دەکەم ، ئێمە هەرنەبێت لەبەردەم عەرب یان با بلّێم ئەوانەی دوژمنی کوردن با پشتی یەك بەر نەدەین ئەگەر بە وتارێکیش بێت ، ئەمە بەلانی کەمەوە باوەڕی منە ، زمان چ مەسەلەیك نیە ئەگەر باسەکە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی یان دەقێکی شیعری بێت ، یان باس لە پەروەردە بکەم یان لە دیاردەیەکی کۆمەلاّیەتی یان تەنانەت ئاینیش ، یان باس لەهەر بابەتێك یان دیاردەیەك بکەم لە دونیادا ، بەلاّم بەلای منەوە ئەو جیاوازیە لە خیتابە سیاسیەکاندا زەق دەبێتەوە و دەبێت بە هەستیاریەوە بەپێی زمانی خوێنەرەکە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

ڕزگار عومەر :- لە دوا نووسینتا کە لەم ڕۆژانە بە زمانی عەرەبی بلاّو بۆوە ، چەند ڕەخنەیەك لە مام جەلال دەگری ، من هیچ ناکۆکیەکم نەبوو لە گەڵ ئەو نووسینە ، بەلاّم بەشێك لە ناونیشانەکەی سەرنووسینەکەو زمانی ئاخاوتنەکە سەرنجی ڕاکێشام ، تۆ لەم نووسینە مام جەلال وەکو ( باوکێك ) ئەدوێنی ، ئایا ئەمە درێژە پێدانی ڕێز گرتن نیە لە کاریزمایەك ، لە کاتێکدا کە ڕووداوە سیاسیەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هالەی دەوری لیدەرەکانمان کاڵ دەکاتەوە ؟

ڤینۆس :- سەرەتا ئەگەر بێین و پێناسەی وشەی کاریزما بکەین بەلاّم دوور لە هەموو کاریگەریە سیاسیەکانی ئێستا زاڵە بەسەر فیکری تاکی کوردا ، کاریزما خۆی لە خۆیدا ئەو هالەیەیە کە بە دەوری کەسێکی ئاینی یان سیاسەتمەدارەوە هەیە کە تۆ هەستی پێئەکەیت بەلاّم نایبینین ، کاریزما شتێکی دەستکرد نیە ، بەلّکە خۆی لە ئادەمیزادەکەدا هەیە ، وەك ئەو کاریزمای ماهاتما غاندی هەیبوو ، وەك کاریزمای ئیمامی خومەینی بۆنمونە هەیبوو ، ئەگەر بێم ئەم پێناسەیە بە شێوەیەکی زانستی بەسەر کەسایەتی مام جەلالدا وەکو سەرکردە بکێشم ، هەڵبەتە ئەو زاتە بۆ خۆی کاریزمایەکە جێی ڕێز و تەقدیرە ، بە مەرجی ئەوەی بەلایەك ئەو کاریزمایە لە کاتێك لە کاتەکاندا نەبێتە وەهمێك لە ئاکامی هەڵەوە ، وە یان ئەو ڕێزو تەقدیرە نەبێتە جۆرێك لە پەرستن ، من بۆ خۆم هەمیشە ئەوەم پاراستوە کە بە هیچ شێوەیەك نەکەومە ژێر کاریگەری هیچ کاریزمایەکەوە ، چونکە بەداخەوە لێکدانەوەی ئێمە بۆ زاراوەی کاریزما هێشتا کامڵ و تەواو نیە و

بەهەڵە یان بە نیگەتیف ئەو زاراوەیە هەڵدەسەنگێنرێت. بۆ نمونە زۆر لە سیاسیەکانمان وادەزانن ئەوان ئەتوانن کاریزما بن (بە شێوەیەکی دەستکرد) ، ئەوەش هۆکەی ئەوەیە ئێمەی کورد بە داخەوە هەتا ئیستا عەقڵیەتی سیاسیمان بە پێی پێویست کامڵ نەبووە ، کامی لەو سیاسەتمەدارانەی تۆ دەیان بینیت ، هەرهەموویان بە چاویلکەی حیزب و تەنها حیزب ئەڕواننە هەموو ماناکانی ژیان و لە ناویاندا مانای کاریزما ، چونکە کاریزما خۆی دەبێت هەبێت ، ماهاتما غاندی ئەو کاریزمایەی هەیبوو سروشتی بوو ، بەلآم لای ئێمە زۆر جار کاریزما بە پێی تێگەیشتنە سەقەتەکانمان بۆ کاریزمای سیاسی یان سیاسیەکان بۆ خۆیانی دروست ئەکەن و ئەیسەپێنن بەسەر میللەتدا ، یان میللەت بە پێیی تێگەیشتنی هەڵیان بۆ وشەی کاریزما و بە تایبەت کاریزمای سیاسی دوای کاریزمایەك ئەکەون. ئەمە لە کاتێکدا باوی کاریزمای دروستکراو نەماوە ، جاری واهەیە بۆ ئەوەی کەسێك کاریزما بێت مەرج نیە سیاسەتمەدار بێت ، کەسایەتی هەن کە قسەیان لەگەڵ دەکەیت هەر لە خۆڕا هەستێك یان جۆرێك لە (رەهبە) ت لا دروست ئەکات یان پیّ دەبەخشێت کە سەرچاوەکەی نازانیت ، ئەوەش لە کاریزمای ئەو کەسەوە سەرچاوە ئەگرێت..

دیسانەوە ئەگەر بێمەوە سەر لێکدانەوەمان بۆ زاراوە و تێگەشتنمان لە مەفاهیمە سیاسیەکان دەگەڕێمەوە ئەڵێم ئێمە هێشتا لەژێر چاویلکەکانەوە ئەڕوانینە بەها و پێوانە سیاسیەکان ، بەتایبەت لای سیاسیەکانمان ، ئەگەر ئەو سیاسیانە کە بەو شێوە هەڵەیەی لە سیاسەت تێگەیشتوون چاویلکەکانیان داگرن چاویان هیچ نابینێت ، ئەوان بەو بیردۆزە کاردەکەن کە دەڵێ: ئەوەی لەگەڵمان نەبێت دژمانە ، لە کاتێکدا لە ئەوروپا حیزب لەناو دامودەزگا کۆمەلآیەتیەکان و لەناو ئەو کۆمەڵگا مەدەنیەدا تواوەتەوە کە بینایان کردووە ، هەموو حیزبەکان پەیڕەو و پرۆگرامی تایبەت بە خۆیان هەیە ، بەلآم کە کۆدەبنەوە باس لە ولآت دەکەن ، باسی حیزبایەتی ناکەن ، باس لە ولآت دەکەن وەك مەفهومێك کە هەموو حیزبەکان بەیەکەوە یەك پێناسەیان بۆی هەیە ، ولآت وەك ئەو پارچە زەویەی هەموو لەسەری ئەژین و خۆمانی بۆ ئەدەین بەکوشت ، هەروا ئاسان و سادە، ئێمە بەداخەوە تەنانەت زاراوەکانی سیاسەت ، کاریزما ، نیشتیمان ، نیشتیمان پەروەری و خیانەت و زۆر شتی تریش هەرهەمووی لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێکی تر ئەگۆڕدریّ و زۆر جاریش هەر لەو نێوانەدا هەمووی تێکەڵ ئەبن و نامێنن ، من باس لە پێناسە رەهاکان ناکەم ، بێگومان باس لە نیشتیمانێك ئەکەم هی هەموو کوردە ، باس لە نیشتیمان ناکەم لە هەموو دونیادا ، هیچ کات باسم لە کاریزمایەك نەکردووە ، هەرچەندە مام جەلال بۆ خۆی وەکوو سەرکردەیەکی کوردی خاوەن مێژوویەکی دەوڵەمەند لە خەبات بۆ خۆی کاریزمایەکە ، ئەمە من نایلێم مێژوو ئەیلێت ، نەك مام جەلال تەنانەت خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بۆ خۆی کاریزمایەك بوو قودسیەتی خۆی هەبوو لە کاتی خۆیدا ، من و ئەوروپیەك لەوانەیە بە جیاوازی بڕوانینە نیشتیمان و تەنانەت مەفهومی کاریزما وەك دوو ئادەمیزاد هەر یەکە لە قارەیەکدا ژیاوە و فێری سیاسەت و پێناسەکان بووە ، بەلآم خۆ من و تۆ وەکوو دوو کورد لە هەر جێگایەك بین دەبێت لە یەك پێناسەدا یەك بگرینەوە سەبارەت بە وشەی ولآت ، بەداخەوە کێشەکە کێشەی من نیە کە ئەو وتارەم نووسی و ئاڕاستەی مام جەلالم کرد و ناویم نا (باوکم) ، کێشەکە کێشەی عەقلیەتەکانە کە وتارەکەیان خوێندەوە و مەسەلە سەرەکیەکەی ناو وتارەکەیان بەجێهێشت و خۆیان مەشغووڵ کرد بە وشەی (باوکم) ، و هەر ئەسڵەن نازانن کاریزما چیە!! من هیچ کات نەمزانیوە جیاوازی بکەم لە نێوان مەلامستەفای خوالێخۆشبوو ، مام جەلال ، شەهید ئارام ، کاك مەسعوود و هیچ سەرکردەیەکی تری کورد ، چونکە بە کورتیەکەی خۆم لەسەر هیچ حیزبێك حیساب نەکردووە و بۆ هیچ حیزبێکی سیاسی بەتایبەت کاری سیاسیم نەکردووە تەنها کاری من کاری "رۆژنامەوانێکی سەربەخۆ"بووە کە بە داخەوە ئەیلێم لە هەموو دەور و زەمانێکدا هەمیشە هەموو باجەکان ئەدات و زیاترین بڕ لە رخنەی بەردەکەوێت ، چونکە زۆربەی وەخت وەکوو سەربازی وون کار دەکات ، ئەوەی من زانیومە و تەنها باوەڕم پێیەتی تەنها ئەوە بووە هەموو

ئەو حیزبانە بۆ کوردستان خەبات ئەکەن ، هەر بەو شێوەیەیش هەتا دەگاتە مام جەلال کە ئەمڕۆ هاتۆتە سەر تەختی دەسەلآت وەك یەکەمین سەرەك کۆمار لە هەموو مێژووی نەك تەنها کورد بەڵکوو عیراق و ناوچەکە ، یەکەم جارە لە دونیادا سیاسەتی نێونەتەوەیی دەستی ڕێز لە میللەتی کورد ئەنێت دوای ئەو هەموو مێژووە تاڵەی کورد هەیەتی نەك لەگەڵ دوژمنەکانی بەڵکو لەگەڵ ئەو هەموو دونیا ، بە مێژوودا بچۆ خوارێ و سەیری ئەو هەموو هاوپەیمانی و ڕێکەوتننامانەی هەمیشە میللەتی کوردی تیا دەفرۆشرا و وەك (هیچ) سەیر دەکرا بکە ، من کەناوم لە مام جەلال نا (باوکم) لەبەر ئەوە نەبوو کە مام جەلالە و هالەیەکی بەدەورا بکێشم ، بەڵکە لەبەر ئەوەبوو کە ئەو مەودایە نەهێڵم کە سەرکردە و میللەت لەیەك دادەبڕن ، ئەگەر ئەمە درێژەپێدان بووایە بۆ ڕێزگرتن لە کاریزمایەك ، دەبوو بە نازناوی تری وەك خاوەن شکۆ یان شکۆدار و سەرکردەی بەڕێز و..هتد.. ناوم ببردابا ، بەلآم بەوشەی (باوکم) هەموو مام جەلالم وەك سەرکردەیەك خستە قاڵبێکی سادە و ساکاری ئادەمیزادێکی ئاسایی کە هیچ لە میللەتی جیاناکاتەوە کردار و دەستکەوت و خزمەتەکانی نەبێت بۆ میللەتەکەی ، ئەوش لە بیر مەکە سەدام میللەتەکەی زلی کرد ، هێن هووهایان بۆ کێشا و( بالروح بالدم )یان بۆ ووت ، هەتا وای لێهات خۆی بە خودای عیراقیەکان و بگرە بە خودای عەرەب دەهاتە پێش چاو ، بە پێچەوانەوە سەرکردەکانی ئێمە کەئەبێ لەو ڕاستیە تێبگەن تازە ئەوان میللەت هەڵی بژاردوون ، کەسێکیش میللەتی هەڵیبژێرێت هیچ کات لەسەروو میللەتەوە نابێت و دەسەلآتیشی هەمیشە لە خوار دەسەلآتی میللەتەوە دەبێت ، و تەنها میللەت ئەتوانێت جارێکی تر دەنگی بۆ بدات یان دەنگی بۆ نەدات. میللەتی کوردی ئەمڕۆش میللەتە ساویلکە و سەرکوتکراوەکەی جاران نیە ، بە هەڵە ئەڵێت هەڵە و بە ڕاست ئەڵێت ڕاست.

کە پێم خۆش بوو مام جەلال بوو بەسەرەك کۆمار لەبەر ئەوە نەبوو مام جەلالە ، بەڵکە لەبەر ئەوەی کوردە ، بەلآم جیاوازی لێکدانەوەکان و کێ ڕۆشنایی دەخاتە سەر چ بەشێك لە نووسینەکەدا و بە چ چاویلکەیەك سەیری ئەکات و بە چ پێوانەیەك لێکی ئەداتەوە ، ئەوە خاڵی جیاوازیە!! ، ئەمجارەش بەداخەوە ئەیڵێم میللەتی کورد هێشتا وشیاری سیاسی تەواو کامڵ نەبووە و هێشتا کز و لاوازە ، هێشتا نازانین سیاسەت مانای چیە ، بەسە هەتا ئێستاش سیاسەت مانای حیزبایەتی ئەگرێتەوە لای کورد ، سیاسەت ڕەدیفی دەسەلآتە ، چونکە دەسەلآت شتێکە و حیزبایەتی شتێکی تر ، تۆ هەمیشە ئەتوانیت حیزبایەتی بکەیت ، بەلآم هەمیشە ئەو حیزبایەتیە ناتکات بە کەسێکی شیاو بۆ دەسەلآت گرتنە دەست و پاشان ببیتە دەسەلآتدارێکی سەرکەوتوو ئەگەر لە ئیمڕۆی دیموکراسیدا میللەت پشتگیریت لێنەکات ، ئەمڕۆ نەك هەر کوردستان و عیراق بەڵکە هەموو ناوچەکە لەڕێی سەرهەڵدانی ئەزموونی دیموکراسی لە کوردستان و عیراقدا بە قۆناغێکی گەلێ قورس و گران و ئاڵوزدا تێدەپەڕێت ، هەروەك نەشتەرگەریەکی خەتەرناکە بۆ بنبڕ کردنی برینی پیس (شێرپەنجە)ی دیکتاتۆریەت ، ئیدی بزانە نەشتەرگەری شێرپەنجە بۆ تەنها ئادەمیزادێك چەند خەتەرناکە زۆر جار مردنی لێ چاوەڕوان دەکرێ ، ئیدی تۆ هەروای بێنە پێش چاوت ئەو ناوچەیە چۆن دووچاری ئەو نەشتەرگەریە خەتەرناکە بۆتەوە کە لە ئاکامی هەموو ئەو داو و دەرمانانەی لە پرۆسەی چارەسەرکدنەکەدا بەکاردێن ، چەند گۆڕانکاری بەسەر جەستەی ئادەمیزادا دێن وەك رووتانەوەی هەموو موو و قژ یان زۆرجار بڕینەوەی ئەندام ، ئیتر داخوا ئەو ناوچەیە لە ئاکامی ئەو نەشتەرگەریەدا چی بەسەر بێت هەتا بەتەواوەتی رزگاری دەبێت لەو شێرپەنجەیە کە پێی دەڵێن (دیکتاتۆریەت)..

حیزبیەکانی لای ئێمە تەنانەت حیزبایەتیش بەمەبەستی پلەکانی دەسەلآت دەکەن ، وشەکانی نیشتیمان و هاولآتی و نیشتیمانپەروەری بۆ خاتری حیزب تەرخان ئەکەن ، لەکاتێکدا کە تەواو دەبێت بەپێچەوانەوە بێت ، هەربۆیە ئەوانەی کە وتارەکەی منیان بە دڵ نەبوو ، بە چاویلکەی حیزبێك ئەو ووتارەیان هەڵسەنگاندبوو ، کە ئەو حیزبەی ئەوان لەوانەیە

لەگەڵ ی.ن.ك. ناكۆك بێت. بە داخەوە جارێكی تر ئەیڵێمەوە عەقڵیەتی سیاسی كورد تەنانەت كە رەخنەش ئەگرێت لە گۆشەنیگای حیزبەكەیەوە ئەیگرێت كە گۆشەنیگایەكی زۆر تەسكە ، ئیتر گرنگ نیە رەخنە لە كێ و چۆن و بۆ چ ئامانجێك ئەگرێت ، گرنگ ئەوەیە لە رێی رەخنەكەوە باری سەرنجی حیزبەكەی بگوێزێتەوە..هەروەك چۆن حیزبی هەن هەر لە سیاسەت نازانن و لێشی تێناگەن ، زۆر نووسەر و رەخنەگریش هەن لە رەخنە هەر نازانن و لێشی تێناگەن ..

خۆ ئەگەر سەیری سیاسەتی دونیای پێشكەوتوو بكەین ، ئەبینین سیاسی هێند هالەی بەدەورەوە نیە ، بە هێندی ئەوەندەی گۆڕانكاریەكان خۆیان ، سیاسی لە دونیای سیاسەتی مودێرندا ئامرازێكە بۆ هێنانەدی ئاوات و ئامانجی گەلەكانیان و حیزبەكانیان ئەو پردەیە كە دونیای میللەت ئەگەیەنێت بە دونیای دەسەلات و بەسەریا دەسەلات ئەبەنە ناو باوەشی میللەتەوە ، بە واتایەكی تر ئەوان دەسەلات لەناو هەناوی میللەتەوە بەرجەستە ئەكەن و هیچ هالەیەك بە دەوری خۆیاندا ناكێشن تا لە میللەت دنەابرێن ، بالكێننده كەسەرەك حكومەتی هۆلەندیە من بۆخۆم هەتا ئیستا یەك گاریدیم نەبینیوە ، لە كاتێكدا ئێمە سەركردە و سیاسیەكانمان بە چەندین بەبۆدی گارد چواردەوری خۆیان بەستووە ، ئەمە بەشێكە لە نەریتی حەزكردن لە دەسەلات بۆ خودی دەسەلات خۆی ، نەك دەسەلات وەك ئامرازێك بۆ خزمەت كردنی میللەت ، ئەوان هەتا ئیستاش لە میللەت ئەترسن ، دەنا ئەگەر سیاسەتمەدار و خاوەن دەسەلات لەناو میللەتەوە هەلبژێردرابێت چ پێویست دەكات لە میللەت بترسێت و بۆدیگارد بەدوای خۆیدا ریزكات ، من هیچ كات سەیری ئەو سەركردە كوردانەی خۆمان ناكەم وەك دەسەلاتدارێك ئەوان لە كەوكەبیكدا و من لە كەوكەبێكی تر ، چونكە ئەوە رێگە بە مەكەزیەت ئەدات ئەوەش ترسناكترین پلەكانی دەسەلاتی تاكرەویە ، كە ئێمە شەرمان لە دژی ئەكرد ، ئەبێت دەسەلات دابەش بێت بەسەر دامودەزگا و چین و توێژەكانی میللەتدا بۆ ئەوەی بگەینە پلەی لامەكەزیەت ، ئەو كاتەی میللەت خۆی حوكمی خۆی بكات ، وەختێ من ئەو نامەیەم ئاراستەی مام جەلال كرد ، بۆیە ناوم نا (باوكم) بۆ ئەوەی ئەو هالەیەی لە دەور لادەم ، بۆ ئەوەی هەستێك هەر نەبێت بە خۆم بدەم ئەو لە ئێمەیە و لە كەوكەبی دسەلاتەوە نەهاتووە ، بۆ ئەوەی ئەو وا هەست نەكات مەودایەك ئەو وەك بەرزترین لوتكەی دەسەلات لە ئێمەی دائەبڕێت ، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەویش نەبوایە هەر كەسێكی تر دەبێت لەوە تێبگات تازە باوی ئەوە نەماوە نەوێری ناوی سەرەك كۆمار ببەیت ، میللەت چاوی كراوەتەوە و ئێمە بەرەو بیناكردنی كۆمەلگای مەدەنی و دیموكراسی لەسەر بنەمای لێبوردن و رێزگرتن لە مافەكانی مرۆڤ دەرۆین.. ئێمە وەكوو میللەت میللەتەكەی جاران نین ، ئەتوانین سەركەوین بۆ دەسەلات و حیواریشی لەگەڵ بكەین و لاشی بەرین ئەگەر بەدڵمان نەبوو..

((هەلبەتە زۆر ناوبردنی بەرێز مام جەلال لەمیانەی وەلامی ئەم پرسیارەدا مەبەست لە خودی خۆی نیە بە هێندی ئەوەندەی مەبەست لە زاراوەی دەسەلات و دەسەلاتدار و سیاسی و سیاسەتمەدارە..))

رزگار عومەر :- هەر لەو نووسینەی سەرەوەی تۆ ، باسی ئەوەت كردووە كە بە حوكمی كاركرنت وەكو رۆژنامە نووسێك ، لە رابردوو فورسەتی ئەوەت بۆ دروست بوو كە روو بە روو ببیتەوە لە گەڵ ( وەفیق سامەرائیی ) كە تازە پەنای هێنابوو بۆ كوردستان ، لەوێدا بە پێ ی نووسینەكەی خۆت هیچ پرسیارێكت لێ نەكرد ، من خۆم ئەمە بە راستگۆیی دەزانم لە گێرانەوەدا ، لە هەمان كاتیشا لەوانەیە پەشیمانیەكیش دەربخا لەوەی هیچت پێ نەووت ، بەلام ئەگەر بەیانی سەر لە نوێ بەرەو رووی ببیتەوە وەكو رۆژنامە نووسێك چی پێ دەلێ ی ؟

ڤینۆس :- زۆر بە دلنیاییەوە پێت ئەلێم راستگۆییە و هیچی تر نا و هیچ پەشیمان نیم لەوەی نەمتوانی هیچ پرسیارێك لەو بوونەوەرە بكەم ، چونكە بەباوەڕی ئەو كاتەی من ئەو كابرایە كابرایەكی تاونباربوو و هەتا ئیستاش ، تەنانەت پێم

خۆش نەبوو یەکێتی ڕێی پێدا بێتە ناو شاری سلێمانیەوە ، دەبوو ئەو تاوانبارانە هەر کە دەگەیشتنە کوردستان راپێچی زیندانی بکرێن ، نەك پێشوازیان لێبکرێت ، ئەگەر دەستبەسەربووایە و من بچووباما بۆ دیدەنی لەوانەبوو پرسیاری لێبکەم ، بەلاّم پێشوازیکردنی یەکێتی لێی و رێگەدانی بەسەربەستی وەکوو من و تۆ بێت و بچێت هیچی بۆ من نەهێشتەوە بۆ ئەوەی لێی بپرسم .

ئەگەر ئیستە جارێکی تر ببیینم چی پێدەڵێم ؟ بۆ وەلاّمی ئەو پرسیارە ئەبێ چەند گریمانێك دابنێم ، ئەگەر وەك خاوەن دەسەلاّتێکی ئەو پۆستەی ئیستە تیا دانراوە ئەوا من هەرگیز هیواخواز نیم چاوم بە چاوی دڕندە و خوێنرێژێکی وەکوو ئەو کابرایە بکەوێت ، ئەگەر وەکوو جاران راکردوو بێت و لە کوردستان پێشوازی لێبکرێت و وەکوو ئەوسا بە ئەزموونی رۆژنامەوانی ئێستاشمەوە دیسان داوام لێبکرێت بچمە دیدەنی ، تەنها شت ئەیکەم ئەوەیە ناچم بۆ دیدەنی ، بەلاّم ئەگەر وەکوو تاوانبارێك لەناو قەفەزی تاونباریدا ببینم ، ئەوا ملی خۆم ئەشکێنم بۆ ئەوەی بچم و بەرامبەری بوەستم گوێبیستی سزای عادیلانە ببم کە وەریدەگرێت و ئینجا ئەو کاتە ئەزانم چی لێ دەپرسم.. بە داخەوە کابرایەکی تاوانباری وەکوو ئەو ناوبراوە بۆ ئێمەی کورد مایەی شوورەییە ببێتە راوێژکاری مام جەلال وەکوو سەرەك کۆمارێکی بەرەگەز کورد لە عیراقدا ، بەلاّم بڵێم چی بەداخەوە سیاسەت ئەمرۆ وەکوو یاری مار و پەیژە وایە. سیاسەتیش خۆی لە خۆیدا هونەری مومکینەکانە و یەکێکیش لەو مومکینانە ئەوەیە وەفیق سامەڕائی بکرێت بە راوێژکاری سەرۆك کۆماری ئەو ولاّتەی هەر ئەو تاوانبارە دەستەکانی بە خوێنی نیوەی کورد سوورە.

ڕزگار عومەر :- تۆ وەکو نووسەرێك لە ڕیزی ئەو کەسانەی کە بە نووسینەکانی داکۆکی کردووە لە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان ، گرنگی دان بە ئەنفال و کارەساتە بەردەوامەکانی لە لای هەردوو حیزبی دەسەلاّتدار ئاوڕدانەوەیەکی وەرزیی و ئیعلامیە ـ بە بۆچوونی تۆ چۆن ئەتوانین لە دەرەوەی ئەم بەسەرکردنە وەرزیەدا ، میکانیزمێکی تازە دابهێنین بۆ کارکردن لەم مەیدانەدا ، بۆ نموونە لە چەشنی شێوەی کار کردنی ئەرمەنیەکان لە مەیدانی  جینۆسایدی ئەرمەنیەکان بە دەستی دەوڵەتی تورکیا ؟

ڤینۆس :- من ئیستەش نازانم بۆچی ئەنفال تەنها دەبێت لەو رۆژەدا باس بکرێت کە بۆ یادکردنەوەی دەستنیشان کراوە ، خۆ ئەنفال خۆی وەکوو تاوانێك بە چەند قۆناغێك بەئەنجام گەیەنرا لە دژی کورد ، هەر لەو رۆژەدا نەبوو کە بۆی دەستنیشان کراوە ، شتێکی پیرۆزە ئەو رۆژە وەك سیمبوڵ هەبێت و تەقس و نەریتی تایبەت بە خۆی هەبێت ، بەلاّم زۆر گرنگیشە لە رۆژەکانی تری ساڵدا ئەو رۆژەمان لە بیر نەچێت ، حیزبی بەعس کاتی نەبوو بۆ کوشتن و فڕکردنی کورد ، تەنها یەك جار لێی نەکوشتووین هەتا لەسەر تەختی دەسەلاّت بوو هەموو ئارەزوو و خۆشیەکی کوشتنی کوردبوو ، ناشڵێم هەموو ساڵەکە بە بۆنەی خەم ئامێز پڕکەینەوە ، بەلاّم خۆ باس کردنی ئەو تاوانە بەردەوام لەلایەن رۆشنبیران و نووسەران و رۆژنامەنووسانەوە شتێکی هێند گران نیە ، من بۆ خۆم ئەوەم کردووە ، بە بۆنەوە بەبێ بۆنە باسم لە کارەسەتەکانی بەسەر میللەتی کورد هاتوون کردووە ، بەتایبەت بۆ خوێنەری عەرەب ، چونکە ئێمە وەکوو کورد کەم تازۆر خەڵکە سادەکەش زانیاری هەیە لەسەر ئەو تاوانانە ، بەلاّم عەرەب هەن نەك هەر زانیاریان نیە ، بەڵکە زۆرجار باوەڕمان پێناکەن ، بەردەوام باس کردنی ئەو تاوانانە نزیکیان دەخاتەوە لە ویژدانیان ، بە باوەڕی من یەکێ لە هەرە ئەرکە نیشتیمانیەکانی مام جەلال وەکوو سەرۆك کۆماری عیراق جەخت کردنە لەسەر ناساندنی ئەو تاوانانە بە شێوەیەکی رەسمی بە هەموو عیراقیەکان و ناوبردنی لەناو دەستوورەکەدا ، زۆر گرنگە بە بۆنە و بەبێ بۆنە لەناو هۆڵی پەرلەماندا باس لەو تاوانانە بکرێت و داوا بکرێت لایەنی بەپرس و تابەتمەند هەبێت بۆ ئەوەی لەو تاوانانە بکۆڵێتەوە نەك لەسەر

ئاستی تەنها کوردستان بەڵکە لەسەر ئاستی عیراق ، هوشیاری لەناو عیراقیەکاندا بلاّوکرێتەوە لەسەر ئەو تاوانانە ، هەوڵ بدرێت بچێتە ناو کتێبی مێژووی خوێندنگاکانەوە لە ناوەڕاست و باشووری عیراق و بخوێنرێت لە قۆناغە جیاجیاکاندا بۆ ئەوەی ئەو نەوانەی دوای ئێمە دێن ، و ئەو نەوانەی دوا ئەو نەوەیە دێن لە ناوەڕاست و باشوور کە سەددام پەروەردەی کردوون ، هەرنەبێت ئەو نەوە نوێیە زانیاری هەبێت لەسەر ئەو مێژووە کارەساتاویە .

چەند باس لە ئەنفال و تاوانەکانی دژ بە کورد ئەنجامدراون بکرێت کەمە و هیچ نیە لە ئاست گەورەیی تاوانەکان خۆیان..

من بۆخۆم نووسەر و لێکۆڵەرەوەی عەرەب نەماوە پەیوەندیم پێوە نەکردبێت و هانم نەدابێت لەسەر ئەو تاوانانە بنووسێت و لێبکولێتەوە ، چونکە من وەکوو کوردێك کە بنووسم لەسەری جیایە لەوەی عەرەبێك لەسەری بنووسێت و هەست بە ئازارەکانی بکات.

رزگار عومەر :- ڤینۆس خان من بە ناوی سایتی دەنگەکانەوە سوپاست دەکەم ، دووا ووتەت چیە بۆخوێنەرانی دەنگەکان ؟

ڤینۆس : منیش هەروەها سوپاستان ئەکەم و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنتان بۆ دەخوازم.